سەرۆك وەزیران جەختدەكاتەوە لە ئامادەیی حكومەت بە پەشكەشكردنی ئاسانكاری بە كەمپانیا سعودییەكان بە كاركردن لە عەراق

ئەمە چوارشەممە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەختیكردەوە لە ئامادەیی حكومەت بە دابینكردنی ئاسانكاری بە كەمپانیا سعودییەكان بە كاركردن لە عەراق .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لە پەراوێزی بەشداریكردنی لە خولی 54ی كۆبەندی ئابووریی داڤۆس، پەشوازی لە ماجد ئەلقەسبی وەزیری بازرگانی سعودیە و خالید فالح وەزیری وەبەرهێنانی سعودیە كرد.

لە بەیاننامەكەدا ئاماژە بەوەكراوە: لە میانەی كۆبوونەوەكەدا گفتوگۆیان لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەكان و ڕەگاكانی پەرەپێدانیان و فراوانكردنی ئاسۆی هاوكارییەكان لە بوارەكانی وەبەرهێنان و ئابووری و بازرگانیدا كرد و جەختیان لە بەردەوامیی دروستكردنی هاوبەشی سەركەوتوو بە كەرتی تایبەت لە هەردوو وڵات كردەوە.

بەپێی بەیاننامەكە، سەرۆك وەزیران تەئكیدی لە ئامادەیی حكومەت كردەوە، بە پەشكەشكردنی هەموو ئاسانكارییەك بە كەمپانیا سعودییەكان بە كاركردن لە عەراق لە بوارە جیاوازەكاندا، بە شێوەیەك كە سوودی هاوبەشی هەردوو وڵاتی برا بەدەستبهێنێت